ئەرشیفی بابەتەکانی فێرگەی هەموو بۆ کوردان

## ئاو دروستکردن لە 3D Studio Max.

نووسەر: @:

دوای ئەوەی کە پرۆگرامی 3D Studio Max دەکەیتەوە ئەوا ئەم پەڕەیە دێتە پێشت .




لەلای دەستە ڕاستی پەڕەکە لە لیستی Standard Primitives دا لە Object Type دا Box هەڵبژێرە بۆ ئەوەی سیفەتی ئاوی بەسەردا بسەپێنیت ..

پاشان لە یەکێک لە ئاراستەکاندا Paste ی بکە من ئاراستەی TOP م هەڵبژاردووە بۆ ئەوەی بە جوانی کۆنترۆڵی لەسەر بکەم وە Paste ی بکە بە هۆی مشکی کۆمپیوتەرەکە کرتە لەو جێگایە بکە کە دەتەوێت خاڵی دەستپێکردنی بێت پاشان لەگەڵ بەردەوام بوونی کرتەکە تاوەکو ئەو جێگایەی دەتەوێت کۆتاییەکەی بێت . بەڵام هێشتا تەواو نەبووە ماوسەکە بجووڵێنە دەبینیت ئەم جارە قەبارەی بەرزی و نزمی بۆ زیاد دەبێت قەبارەیەکی بچوکیش بۆ ئەوە هەڵبژێرە پاشان کرتەیەکی تر بکە بۆ تەواو بوونی . من ئاوام کردووە .




پاشان کرته لە Rendering بکە و Material Editor هەڵبژێرە .




پەڕەی Material Editor دەبێتەوە . کرتە لەسەر Standard بکە .




پەرەی Material Map Browser دەبێتەوە . لە لیستی Browse From دا کرتە لەسەر Mtl Library بکە . پاشان لەم بۆشاییەی سەرەوە کە بە رەنگی سوور ئیشارەتم بۆی کردووە بنووسە Ground_Water یا خۆت بەهۆی ماوسەکەتەوە Ground_Water بدۆزەرەوە .

پاشان OK




پاشان ئەم ئامرازە بچووکە هەڵبژێرە کە بە رەنگی سوور دەستنیشانم کردووە لەم وێنەیەی خوارەوە . ( ئەمە کاتێک دەکرێت کە Box1 دەستنیشان کرابێت کە لە سەرەتادا دروستت کردووە .. ئەمیش تەنها بە کرتەیەک لەسەری ).




ئێستا دەتوانیت لیستی Material Editor لابەریت .. وە دوای ئەوە کرتەیەک لەسەر ئامرازی  . یان Quick Render بکەو ئەمە ئەبینیت .



بەشی دووەمی ماوە ئەمیش چۆنیەتی جوڵانەوەی ئەم ئاوەیە ..

Oct 2005 13

Dentist in Poland
Professional Dental Care in Poland Implants, Crowns, Bridges, Veneers

Severe Forehead Sweating
Treat Excessive Sweating Disorder w/ Dr. Nielson, Board Certified MD.

Ads by Google